# قانیع شاعیری هیوا و بڕوا بەخۆبوون

قادر عەلیخا
(بۆکان)

**تا کلاشی بن چنی ژێر مەحکەمی خۆم دەس بدا**
**قۆندەرەی تەسک و ترووسک و لار و خوارم بۆ چییە؟**

دوو تایبەتمەندی لە ژیانی هەر مرۆڤ و نەتەوەیەکدا زۆر گرینگ و جێی بایەخن، بوونی ئەو دووانە، دەتوانێ بیانگەیەنێتە ترۆپکی ڕزگاری و مرۆڤایەتی، نەبوونیشیان، ڕێز و شکۆیان دەشکێنێ و تەفروتوونایان دەکات، ئەو دوو تایبەتمەندییە هیوا و بڕوا بەخۆ بوونە، هەر گەل و مرۆڤێک ئەو دوو تایبەتمەندییەی تێدا نەمێنێ، یان لێی بستێنرێتەوە، بەرەو مردن و فەوتان هەنگاو هەڵدەگرێ، هیوا وەجاخی ژیان گەرم و زیندوو ڕادەگرێ و بڕوا بەخۆبوون ورەی هەوڵ و تێکۆشان و نەسرەوتن بە گەل و مرۆڤ دەدات.

ئەو گەلەی ئەو دوو تایبەتمەندییەی لێ بسێنرێتەوە، سەرەتا تاکەکانی هەرەس دێنن و بەرە بەرەش گەل و کۆمەڵ دەفەوتێن و لە نێو لاپەڕەکانی مێژوودا ون دەبن و ئاسەواریان نامێنێ، هەر وەک نەبوونی ئەو دوو تایبەتمەندییە، بۆ فەوتان و لەناوچوونی هەر گەل و تاکێک تەواوبوونی ئەو دوو تایبەتمەندییەش بۆ مانەوە و نەفەوتان گرینگە و بۆ ژیان ئەستووندەکێکی مانەوەیە.

لە مێژوودا زۆرن ئەو گەلانەی لەلایەن گەلە زاڵم و سەردەستەکانەوە، پێناسەی بوونیان لێ ستێنراوەتەوە و بە دەیان نێوی جۆراوجۆرەوە، سەرکوت کراون و ئەوەندە بەکەم و بێ بایەخ چاویان لێ کراوە، هەتا خۆشیان باوەڕیان بەلاوازی و هیچ بوونی خۆیان کردووە، لە ئاکامدا بوونەتە خۆراکی نەتەوە زاڵەکان و تواونەتەوە و فەرامۆش کراون، زمانەکەیان تواوەتەوە و نێوبانگیان لە لاپەڕەکانی مێژوودا سڕدراوەتەوە و بزرن، لە مێژووی کەونارى ئەو گەلانەی لەم ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناویندا ژیاون، زۆرن ئەو دەوڵەت شار و ئیمپراتۆرانەی سەرەڕای هەبوونی سەردەمێکی پڕ لە شکۆ و مەزنایەتی، بەو



**قانیع**

هۆیانەی لە سەرەوە باسمان کردن، ئێستا ئاسەوارێکیان نەماوە و شان و شکۆکەیان دارماوە و خۆیان و نەتەوەکەیان تۆزی فەرامۆشیان بەسەردا کراوە و لە بیر چوونەتەوە، ئیتر کەس بە وڵاتیان نازانێ و زمانەکەیان ئاخێوەرێکی نییە و تەنیا جارجار لە نێو هێندێک لاپەڕەی کتێبەکاندا نەبێ نابینرێن.

بەڵام ئەوانەی لە بەرانبەر تانەوتەشەر و بێڕێزی و بە کەم دانانی دوژمنانیاندا ورەیان بەرنەداوە و کۆڵیان نەداوە و باوەڕیان بە قسەی سووک و ساردی دژەکانیان نەکردووە و قایم لە بەرانبەریاندا ڕاوەستاون و بۆ مانەوەی خۆیان لە هیچ شتێک دریغییان نەکردووە، دوای هەزاران ساڵ خۆیان و خاک و زمانەکەیان ڕاگرتووە و بەوکارەیان نەیانهێشتووە بفەوتێن و ئاواتی دوژمنەکانیشیان کردووەتە بڵقی سەرئاو.

هیوا و بڕوا بەخۆ بوون بۆ تاکەکانیش زۆر گرینگە و هەر مرۆڤێک ئەو دوو لایەنەی لاواز بێ، بێ گومان بۆ خۆیشی دەبێتە خاوەن کەسایەتییەکی لاواز و لە لایەن کۆمەڵگاکەیەوە بە هەند وەرناگیرێ و دەبێتە کەسێکی بچووک و لاواز و لە نێو کۆمەڵگادا بە سووک سەیری دەکرێ.

زۆربەی ئەو کەسانەی تووشی خۆکوشتن دەبن، ئەو کەسانەن کە هیوا و بڕوا بەخۆ بوونیان لاوازە و ناتوانن و لە خۆیان ڕانابینن بە گژ تەنگوچەڵەمەکانی ژیاندا بچنەوە و لە ئاکامدا لە بێ دەسەڵاتی و دەستەوەستانیدا، تووشی خۆکوشتن دەبن.

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی ئەدەبی ئەم گەلەی خۆمان بدەینەوە، دەبینین کە شاعیر و نووسەرەکانمان، بۆ ئەوەی گەلەکەمان ـ بە هۆی نەبوونی دەوڵەتەوە – تووشی هیوابڕاوی و خۆ بەکەمزانی نەبێ، هەر لە سەرەتاوە بە ئازایی و جوامێری باسیان لێ کردووە و هانیان داوە، لە پەنای ڕاگرتنی پێناسە و شانازییەکانی خۆیدا، بەردەوام سروودی خۆڕاگری و کۆڵنەدان و نەفەوتانیان بە گوێدا چرپوە و بەو کارەشیان توانیویانە، ئاوری ئەم وەجاخە هەر گەش و ڕوون و بەتین ڕابگرن.

یەکێک لەو شاعیرانەی خاوەن پلەیەکی بەرزی ئازایی و جوامێری بووە و کەسێکی پڕ هیوا و باوەڕ بەخۆ بووە و هەمیشە وەک کەسێکی زیندوو لە نەتەوەکەی خۆی ڕوانیوە و بە شانازییەوە لێی دواوە و بە هیوای داهاتووی بووە، مامۆستا «قانیع»ە.

قانیع لە بەر ئەوەی کەسێکی جوامێر و قسە لەڕوو و نەترس بووە، سەری بۆ نان و پلە دانەنەواندووە و ئازایانە بەگژ زۆرداراندا چووەتەوە و بێ باکانە تانە و تیلاوکی تێ گرتوون و لە شیعرەکانیشیدا هیوا و بڕوا بە خۆ بوون شەپۆل دەدەن، هەر بۆیە لە وەڵامی نامەی پیاوێکی ساماندارا کە گوایە بە تانەوە بە ئاشەوان ناوی بردووە دەڵێ:

**هەموو سامانی دنیا پێشکەشی تۆ بێ وەجاخ کوێری**
**منیش شابەیتی ئاودار و هەزاران ئافەرینم هەس**
**کەتۆ مردی بە یەکجاری ئەبیتە مشتێ خاک و خۆڵ**
**منیش دوای مردنم ئینجا، بزانە دەوری ژینم هەس**

قانیع بەردەوام لە شوێنێکی بەرزەوە بۆ بەردەنگەکەی دەڕوانێ و ڕێی چۆن ژیان و چۆن بیر کردنەوەی پێ نیشان دەدا و باسی ئازادی و ئازایی بۆ کردووە و بە دیلی و کۆیلەتی ڕازی نەبووە و هەوڵی بۆ ژیان و وڵاتێک داوە کە لەودا ڕێز لە مرۆڤەکانی بگیرێ، دیلی بە لاوە شەرم بووە و هەوڵی بۆ لابردنی نیری سەر ملی گەلەکەی داوە و بە چەکی شیعر، ڕێگای بۆ ئەو ویستە دەروونییەی خۆی خۆش کردووە و وەک ڕووناکبیرێک، لە ئامێزی ئازادی دواوە و هاواری لە خەو هەستان و ڕاپەڕین چریوە.

قانیع لە سایەی نەفسی بەرزی خۆیەوە، کەلاوە کۆنی خۆی بە قەسری پاشا نادا و مەرحەبایان لێ ناکا و کراسە کۆنەکەی بەری خۆی لە ئەتڵەس و خارای خەڵک لا بە

قیمەتترە و نەفەس بەرزانە خۆی ڕادەنێ و نانی ڕەق و ویشکی شان باهۆی خۆی دەخوات و نانی نەرم و چەوری ڕیا و پاڕانەوە توورِ دەدات، ئەوانە هەموویان نیشانەی بڕوا بە خۆبوون و نەفس بەرزی قانیعی شاعیرن.

**لە سایەی عیززەتی نەفسم لە پاشا مەرحەبا ناکەم**
**لە ئەربابی کەرەم دوورم، بە کەس خۆم ئاشنا ناکەم**
**کراسی چەرمی خۆم ئەدڕم، سواڵی سەر کەوا ناکەم**
**ئەگەرچی لەحزەیەک دەرد و خەم و قەهرم بە با نادەم**
**ئیلاهی زۆر شوکور، ئومێدی نانێ من لە شاناکەم**

قانیع لە دژوارترین ڕۆژەکانی ژیانیدا، ئەو کاتەی دەست کورت و نەدار بووە، سەری بۆ نان و ئاسوودەیی دانەنواندووە و توانیویەتی بە زللە لە ڕوومەتی خۆی سوور ڕاگرێ و سەر بۆ سفرەی چەور شۆڕ نەکاتەوە.

**دەشەرتە شەرتی مەردی بێ، لە دنیا تا حەیاتم بێ**
**نە هیوای سەر قەڵەمدانە و نە ئومێدی خەڵاتم بێ**

هەر ئەم ئازایەتی و بڕوا بە خۆبوونە بووە کە بەردەوام ڕوو لە گەلەکەی دەکات و هانی دەدا بۆ ڕاسان و خۆی و مێژووەکەی پێ دەناسێنێ و هەڵەسوونی پێ دەنێتەوە و نەمامی هیوای بۆ دەچێنێ و ژیانی دووبارەی پێ دەبەخشێتەوە، ئەو لە سەردەمانێکی تاریک و ئەنگوستە چاودا کە زۆربەی مرۆڤەکان وێڵ بوون بە دوای یاردوەنانێکەوە، باسی مافی تاک و چین و توێژەکان دەکات و لە تامی ئازادی و سەربەستی دەدوێ.

لە نێو تەپوتۆزی ئارد و ئاشدا، باسی دەماخ بەرزی و شکۆی کەسایەتی خۆی دەکا و لە کونجی بەندیخانەدا لە ئازادی و سەربەستی دەدوێ و هیوا بڕاو نابێ و دەستی دەستەوەستانی لە سەر یەک دانانێ.

**لە تۆزی ئاشەدا غەرقم، لە تەوقی سەر هەتا ئەژنۆم**
**نە ترسی ئەمری مافەوق و نە مەحکوومی بەراتی تۆم**
**بەڵام چەن خۆشە ئەو تۆزە، کە هەر خۆم ئامێرم بۆ خۆم**
**لە سایەی زەحمەتی قاچ و سەر و شان و دەس و ئەستۆم**
**لە بۆ کەس چاو لە دەس نیم و خەیاڵی ڕێی ڕیا ناکەم**

هەر ئەم کردەوە و هەڵسوکەوتانە، (قانیع)یان کردووەتە شاعیرێکی دەماخ بەرز و خۆشەویست و زۆربەی ئەو بیرەوەریانەی لە ژیانی قانیع گێڕدراونەتەوە، باسی مەردی و ئازایی و چاونەترسی ئەو مامۆستا زانا و ڕووناکبیرە دەکەن و هەریەکەیان بەڵگەیەکن بۆ مەزنی ئەو شاعیرە ناودارە و تابلۆیەکن لە پڕ هیوایی و بڕوا بەخۆ بوونی ئەو کەسایەتییە.

ئەوکەسەی شیعری قانیع دروستی دەکا و بانگەوازی بۆ دەکات، کەسایەتییەکی بە گوڕ و تین و ئازا و چاو نەترس و جوامێرە و بە گژ نادادپەروەری و زوڵم و زورداریدا دەچێتەوە، چاوی لە سفرەی چەور و پارووی نەرم و جێگەی گەرم نییە و بە قیمەتی گیان و ئاسوودەیی خۆی، بە گژ نایەکسانییەکاندا دەچێتەوە و نیتشە ئاسا سەر هەڵدێنێ و چاوی لە بەرزایی دەبڕێ و دەنگ هەڵدەبڕێ و ناسرەوێ و سەری سەرشۆڕی دانانوێنێ، قانیع لە مرۆڤ و کەسایەتی بەیدەست و سەرشۆڕ، دەستەوەستان بێزارە و نایانخوازێ و هانیان دەدا بۆ خۆگۆڕین و لە سەر پێی خۆ وەستان و بە مرۆڤ بوون.

**ڕۆڵە! هەر کەسێ نانی خەڵکی خوارد**
**وەکیلی سواڵی بۆ سەر خەڵکی نارد**
**بۆ ڕۆن، بۆ شەکر، بۆ پارە، بۆ ئارد**
**یاخوا بمێنێ بە هەناسە سارد**

*****

**چەن خۆشە کوڕم ئارەق بڕژێنی**
**لە دەشت و دەرا غیرەت بنوێنی**
**نانی سەپانی خۆت بە دەس بێنی**
**ڕیشەی تەمبەڵی لە بن دەرهێنی**

قانیع لە مێژووی ئەدەبی ڕووناکبیری ئێمەدا، چیایەکی بەرزە لە ورە، دەکرێت بە ئاسوودەییەوە پاڵی پێوەدەی و هەست بە پشتگەرمی بکەی، ئەو لە سەردەمێکدا ڕوحی پڕ بوو لە شەپۆلی نەوەستان و خۆڕاگری کە ئەم وڵاتە بە دەست سەدان دەردەوە دەیناڵاند و دەرمان کردنی هەر دەردێکیان بە تەنیا، کاتی پێویستی دەویست و دەرمانی تایبەتی خۆی دەخواست، بەڵام قانیع زۆر ورە بەرزانە لە ڕۆژە ڕوونەکان دواوە و قامکی ئاماژەی بۆ ترۆپکی سەرکەوتن و تیشکی ڕزگاری درێژ کردووە و هانی گەلەکەی داوە، بۆ نەوەستان و بەرێ کەوتن.

بەڵام بە داخەوە یەکێک لە بەڵا ڕەشەکانی نەتەوەی ئێمە ئەوەیە، کەمتر گوێ لە ڕووناکبیرەکانمان ڕادەگرین و بە گوێیان ناکەین، بێ گومان ئەگەر گەلی ئێمە وتەکانی ئەو توێژە ڕووناکبیرەیان، لە (خانی)یەوە تا (قانیع) لە گوێ بگرتایە و بمانکردنایە سەرمەشقی ژیانی خۆمان، ئێستا زۆر لە مێژ بوو لە دەراو پەڕیبووینەوە و نیری دیلیمان لە مل داماڵیبوو و گەیشتبووینە هەواری مەبەست و بارگەی ئاسوودەییمان لێ خستبوو.